

مەیمونەکە وتی: بەڵام من تا ئێستا
نەمهێشتووە لەخۆم زیاتر هیچ
مەیمونێك دەم بۆ مۆز بەرێ.
تۆش هەروا بکە!



مامەلی وتی: من خۆم دارەکانم ڕواندووەو خۆشم
خزمەتیان دەکەم، ئیتر تۆ بۆ پێت ناخۆشە
خەڵکی مۆز بخۆن؟! گەر واز لەم ڕەوشتە
نەهێنی لەمەودوا ناهێڵم دەم بەری بۆ مۆز!



مەیمونەکە بەترسەوە وتی:
بۆچی، خۆ من نەمەوێت مۆزەکان کەم نەبنەوە؟
مامەلی وتی: ئەم دارمۆزانە بەوە شادمانن کە
بەرەکەیان بدەن بە ڕێبواران و هەژاران،
نەك بە چاوبرسیەکان!



مەیمونەکە کە لە مەبەستی مامەلی تێگەیشت، زۆر
پەشیمان بووەوەو داوای لێبوردنی لە مامەلی کرد.